Komala Party _ Iranian Kurdistan
secretariat

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سکرتاریەت

راگەیاندنی ژمارە ١٠ی سکرتاریەتی کۆمەڵە

# شاری سەقز بووەتە مەیدانی خەباتی خەڵکی ئازادیخواز لەگەڵ هێزەکانی رژیم

لە درێژەی نارەزایی و ئیعترازی خەڵکی شارەکانی کوردستان لە دژی وەحشیگەریەکانی هێزەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامی و بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوەی نارەزایی ئەم دواییانەی خەڵکی مهاباد، خەڵکی خەباتکاری شاری سەقز بە داخستنی دووکان و راگەیاندنی داخستنی هەموو شار، هاوپشتیی و هاوخەباتیی خۆیان لەگەڵ شارەکانی دیکەی کوردستان راگەیاند.

لە یەکەمین سەعاتەکانی ئەمڕۆوە شار کەشێکی ئاڵۆزی بوو. دووکانەکان داخرابوون و خەڵك و لاوان لە گۆشە و کەناری شار دەستیان دایە کۆبوونەوەی هێمنانە. سەعات ١٠ی بەیانی هێزەکانی رژیم لە مەیدانی هەڵۆ هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەران و لە ئەنجامدا کۆبوونەوەی هێمنانەی خەڵکی نارازیی شاری سەقز گەیشتە توندوتیژی و تێکهەڵچوونی تەواو لەگەڵ هێزەکانی رژیم. هەتا کاتی نووسینی ئەم راگەیاندنە ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك بریندار بوون و لانیکەم ٢ کەس شەهید کراون. رژیمی کۆماری ئیسلامی بە بەکارهێنانی هێزی تایبەت بە سەرکوت و کەڵك وەرگرتن لە هێلی کۆپتەر و تەقەی راستەوخۆ لە خەڵکی بێ دیفاع، فەزای شەڕی بەسەر شاردا سەپاندووە.

هەتا ئێستا هەوڵی ئاگردان و شکاندنی ژمارەیەکی زۆر لە ئیدارە دەوڵەتیەکان و پایەگاکانی هێزی نیزامی راگەیەنراوە.

لە نزیك نیوەڕوە شار هەروا حاڵەتی شەڕی تێدایە و ئاڵۆزە. هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم بە هێرش بۆسەر ماڵی خەڵك و شکاندنی درگای ماڵان، دەرژێنە ناو ماڵی خەڵکەوە و دەستیان داوەتە گرتن و ئازاردانی خەڵك.

سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

١٢-٥-١٣٨٤

٠٣-٠٨-٢٠٠٥

www.komala.org

Email: Komala١٣٤٨@hotmail.com
Tel: (٠٠٤٤٧٠٤)٣١٣٨٤٩٩
Mobile: ٠٠٩٦٤٧٧٠١٤٠٥١٣٤
**Fax:** ٠٠٤٤٧٠٤٣١٤٠٤٤٩